**پ1: پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە :**

1- گالیلۆ 2- هنری الاملاح 3- ڕێکەوتننامەی ئیگسبیرگ 4 - لوپیک
5 – ئەمریکۆ 6- شەڕی گردی سپی

**پ2: هۆکاری ئەمانەی خوارەوە بەدیاربخە :**

1 - بەشداریکردنی فەرەنسا لەشەڕی سی ساڵە ؟

2 -سەرکەوتنی بەریتانیا لەشەڕی ئاڕمادا ؟

3 - دابەشبوونی ئاینی مەسیحی بەسەر هەردوو کەنیسەی (کاسۆلیک و ئەرسۆدۆکس)، لەپێش چاکسازی ئاینی لە ئەوروپا ؟

**پ3: لەبارەی ئەمانەی خوارەوە بدوێ :**

1- یەکێک لە ڕواڵەتەکانی بوژانەوە لە ئەوروپا بریتی بوو لە پەرەسەندنی لایەنەکانی (ئەدەب و شیعر و مێژوو)، روونبکەرەوە .

2- لایەنی ئابووری بە یەکێک لە هۆکارەکانی دۆزینەوەی جوگرافی دادەنرێت، لەم بارەیەوە بدوێ .

3- رۆلی مارتن لۆسەر لەبواری چاکسازی ئاینی بەدیاربخە، دواتریش جیاوازیی گروپی لۆسەری و کالڤنی بەخاڵ بژمێرە .

**پ4: وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

1 -گرنگترین ئەو هەوڵانەی بواری چاکسازی ئاینی کە لە پێش مارتن لۆسەر ئەنجامدرا، بخەڕوو .

2 -باسێکی پوخت لەبارەی شۆڕشی زەوییە نزمەکان بنووسە بە تیشک خستنە سەر رۆڵی ( ولیەم ئۆرنج) لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ بەشێک لە ناوچەی زەوییە نزمەکان .

3 -شەڕی سی ساڵە بناسێنە،هۆکارەکان و گرنگترین ئەنجامە ناڕاستەوخۆیەکانی ئەم شەڕە روونبکەرەوە.

**پ5/**

- **پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە :**
- 1- شەڕی ئەدرنە **2-** غوتە رۆژئاواییەکان **3-** قەدیس پۆلس

**ب/** دقلیدیانوس لەماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا چەند چاکسازییەکی لە بواری سوپادا ئەنجام دا، باسیان بکە؟

**پ6/ وەڵامی ئەمانە بدەرەوە :**

- **أ-** هۆکارەکانی رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە رووی سیاسیی و سەربازی بەدیار بخە ؟
- **ب-** تەنها پێنج خاڵ لەو هۆکارانەی یارمەتی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی یاندا بژمێرە ؟

**پ7/** مێژوونووسان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر دەست پێکردنی سەرەتای مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، کە هەندێک لەو مێژوونووسانە بۆچوونەکانیان دەبەستنەوە بە سەردەمی هەندێک لە ئیمپراتۆرەکان و کارەکانیان, ئەمە روونبکەرەوە ؟

**پ8/ وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە :**

- **أ-** هۆکارەکانی رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە رووی **ئابووری و کۆمەڵایەتی** بەدیار بخە
- ب- گرنگترین چاکسازییەکانی **ئیمپراتۆر قسطنطین** باس بکە .
- **ج-** خێڵە جەرمانیەکان لەرووی چەندیتیەوە پۆلێن دەکرێن بۆ چەند گروپێک, روونبکەرەوە .

**پ9: پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە :**

1- پواتیە 2- گاسریک 3- کۆنت 4- پیرۆی بندکتی 5- یاسای سالی
6 – **March of Spain** 7- **Missi dominici**

**پ10: هۆکاری ئەمانەی خوارەوە بەدیاربخە :**

4 - هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆریەتی کارۆلینگی ؟
5 -وەرگرتنی ئاینزای ئاریۆسی لە لایەن خێڵە جەرمانیەکان ؟
6 - تێکچوونی بارودۆخی ئابووری ئەوروپا  کە بەند بوو بە دەریای سپی ناوەڕاست ؟

**پ11:  وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە**

3– پەیماننامەی ڤێردان بناسێنە و دواتریش کاریگەری لەسەر ئیمپڕاتۆریەتی کارۆلینگی بەدیاربخە .
4– کۆنگرەی نیقیا بناسێنە و ناوەرۆکی کۆنگرەکە شیبکەرەوە .
5– باس  لە هۆکاری ئاینی وەک سەرەتایەک بۆ  دەستپێکی سەدەکانی ناوەڕاست بکە.
4– فاکتەرەکانی دەستنیشانکردنی شارلمان بە ئیمپراتۆرلە ساڵی 800ز چین ؟ بژمێرە

**پ12: وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە**

4 -زاراوەی وایکینگەکان بناسێنە و دواتریش پێکهاتەی کۆمەڵگەی وایکنگەکان روونبکەرەوە .
5 -تەنها پێنج خاڵ لەو هۆکارانەی یارمەتی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی یاندا  بژمێرە .
6 -دەرئەنجامی گەشەکردنی شارەکان، چەندین دەسکەوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەستەبەرکرد، بیانژمێرە .
7 -ئاماژە بە ناوی (5) سەرچاوە بکە لەبارەی مێژووی ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاست.

**پ13/  ئەمانەی خوارەوە بناسێنە :**

**1-  زاراوەی جێرمانی 2- هۆنەکان  3- کۆنگرەی نیقیا 4- هبة قسطنطين**

**پ14/  بەکورتی ئەمانەی خوارەوە روونبکەرەوە :**

أ- ئەوانەی لەسەر پرسی لاوازبوون و هەرەسهێنانی ئیمپڕاتۆریەتی رۆمانیان کۆڵیوەتەوە، جگە لە هۆکاری سیاسی و سەربازی و ئابوری و کۆمەلایەتی و کارگێڕی، چەندین هۆکاری دیکەش دەخەنە پاڵ ئەو هۆکارانە چین بیانژمێرە ؟

ب- باس لە شانشینی فەرەنگییەکان بکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پەردەداری کۆشك ( الحاجب) ؟

ج- مێژوونووسان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر دەست پێکردنی سەرەتای مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، کە هەندێك لەو مێژوونووسانە بۆچوونەکانیان دەبەستنەوە بە ڕەهەندی سەربازی و کارگێڕی, ئەمە روونبکەرەوە ؟

پ15 / ئەمانەی خوارەوە روونبکەرەوە

1 -خێڵە جەرمانیەکان لەرووی چەندیتیەوە پۆلێن دەکرێن بۆ چەند گروپێک، روونبکەرەوە .

2 -پەیوەندی نێوان شارل مارتل و پاپاویەت روونبکەرەوە ؟